# سەردانی بارزانی

# پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی



# بۆ فەرەنسا
# هەرێمی گەیاندە لووتکە



**((دەوڵەتی فەرەنسا پێشوازییەکی تایبەتی لە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ئەوپێشوازییە هەر لەسەرۆکی دەوڵەتان دەکرێت. بارزانی لەسەر داوەتی فەرمی سەرۆک سارکۆزی سەردانی فەرەنسای کردووە کە لە کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لێکرد، هەروەها بارزانی چاوی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی سێنات کەوت و بیرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بارزانی داوەتی نیوەڕۆ خوانێک کرد کە باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا و باڵیۆزی عێراقی لە پاریس و شاندی یاوەری بارزانی ئامادەبوون. پاشان لەو هۆڵەی کە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی تێدا گرێدرا، ئاڵاکانی فەرەنسا و عێراق و کوردستان هەڵکران)).**

**میشال ئەبو نەجم – پاریس – ڕۆژنامەی الشرق الاوسط**

**سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا**

**(( ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆک بارزانی )) بۆ گوڵان:**

# سەرۆک سارکۆزی وەک سەرۆک دەوڵەوت پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرد و هەر خۆشی ئامادەباشی پیشاندا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات

سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا بە داوەتی فەرمی سەرۆك نیکۆلاس سارکۆزی و بڕیاردانی سەرۆك سارکۆزی بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان و ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فەرەنسا، وەرچەرخانێکە لەئاستی دیپلۆماتیەتی کورد بۆ ئاستی دیپلۆماتی دەوڵەتیی و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیهان لەسەر چ ئاستێك پێشوازی لە سەرۆکێك دەکات کە ئامانجی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و بونیادنانەوە و گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی گەلەکەی و سەقامگیری و ئارامی وڵاتی خۆیەتی، هەر بۆیە ئەو ڕاپۆرتەی میشال ئەبونەجم پەیامنێری ڕۆژنامەی ( الشرق الاوسط) لە پاریسەوە بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە بەناونیشانی (( پاریس وەك سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ بارزانی کرد و ڕێککەوتنی هاریکاری لەگەڵدا ئیمزا دەکات کە پڕۆژەکانی وزەش دەگرێتەوە)) ((باریس تعامل بارزانی کرئیس دولة وتوقع معه اتفاق تعاون يتضمن مشاريع طاقة)) ئەمە مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان لەسایەی سەرۆکایەتی سەرۆك مسعود بارزانی-دا لە جیهانی ئەمڕۆدا حسابی دەوڵەتی ئەمری واقیعی بۆ دەکرێت، ڕاستە ئەندامی ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام هەموو ئەو پابەندبوونە نێودەوڵەتییانەی جێبەجێ کردووە، کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئومێد دەخوازێت دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جێبەجێیان بکات، ئەمە مانای ئەوەیە گەلی کوردستان بە سەرۆکایەتی

**یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فەرەنسا، وەرچەرخانێکە لەئاستی دیپلۆماتیەتی کورد بۆ ئاستی دیپلۆماتی دەوڵەتیی**



الشرق الأوسط
ASHARQ AL-AWSAT
جريدة العرب الدولية

الاربعاء 04 رجب 1431 هـ 16 يونيو 2010 العدد 11523

بريد طباعة

صفحة المدخل | الأولى | الأخبار | الاقتصاد | الـرأي | المـلاحق | ملفات الشرق | اولى 2

# باريس تعامل بارزاني كرئيس دولة وتوقع معه اتفاق تعاون يتضمن مشاريع طاقة

## رئيس إقليم كردستان عن الحكومة العراقية: لسنا مع تهميش أي مكون أساسي عراقي

باريس: ميشال أبو نجم

خصت الدولة الفرنسية مسعود بارزاني، رئيس إقليم كردستان العراق، باستقبال يليق برؤساء الدول، إذ جاء إلى فرنسا بدعوة من الرئيس نيكولا ساركوزي الذي استقبله أمس في قصر الإليزيه، كما التقى رئيس مجلس الشيوخ واستضافه وزير الخارجية برنار كوشنير إلى غداء عمل شارك فيه السفير الفرنسي في بغداد بوريس بوالون والسفير العراقي في باريس فريد ياسين والوفد المرافق لبارزاني (وزيرا العمل والشؤون الاجتماعية ووزير الزراعة والثروة المائية) وكذلك مستشارو الوزير الفرنسي. ورفعت في قاعة المؤتمر الصحافي الأعلام الفرنسية والأوروبية والعراقية والكردية.

وحرص كوشنير في المؤتمر الصحافي المشترك، الذي وقع في بدايته اتفاق تعاون بين فرنسا ومنطقة كردستان في ميادين الاقتصاد والصحة والتعليم والتربية والمنح، على إضفاء طابع من الحميمية على اللقاء، فوصف بارزاني بأنه «صديق منذ ثلاثين عاما» في إشارة إلى الدور الذي لعبه في مساعدة أكراد العراق عندما كان ناشطا في العمل الإنساني خصوصا بعد حرب الخليج الأولى وإقامة منطقة محمية دوليا شمال العراق وممنوعة على الطيران الحربي العراقي. وأضاف الوزير الفرنسي أنه «انتظر هذه اللحظة منذ ثلاثين عاما». وقبل عامين، دشن كوشنير القنصلية الفرنسية العامة في أربيل كما افتتح في العام الماضي المركز الثقافي الفرنسي في المدينة نفسها. ويعتبر كوشنير نفسه «صديقا» قديما ودائما للشعب

مقتطفات من صفح
عقـارات

شركات السمسرة العقارية بأ
تواجه امتحانا جديدا في مرحل
الانتعاش

السعودية: صفقات بقيمة 24
دولار في 3 مدن تنعش السو
العقارية

500% نسبة ارتفاع أسعار
العقارات في سورية خلال 8

«البيت المفتوح».. أسلوب ج
العقار

مسعود بارزانی شایستەی ئەوەیە ببێتە ئەندامـــی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی و جیهان بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لێبکات، لـــە ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٧ و لە میانەی سەردانەکەی ســـەرۆك مسعود بارزانی بۆ کۆشکی سپی و پاشانیش کۆڕەکەی لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز، بەڕێوەبەری کۆڕەکە پرۆ فیســـۆر کینس پۆلاك ســـەرۆکی ســـەنتەری سبان لە برۆکینگز بەمجۆرە ســـەرۆك مســـعود بارزانی پێشکەشی ئامادەبووانی کۆڕەکە کرد: بۆ کەسێك شـــارەزای سیاسەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت نەبێت زۆر زەحمەتە بتوانێت پێناسەی سەرۆك مسعود بارزانی بکات، من ئەم بەیانیە زۆرم بیرکـــردەوە، بۆم دەرکەوت پێگەی مسعود بارزانی لەسیاسەتی عێراقی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی پاریسە لە فەرەنسادا، هەموو ڕێگەکان دەچنەوە بۆلای مسعود بارزانی)، پرسیار لەسەر ئەم وەســـفە شایســـتەیەی پرۆ فیسۆر پۆلاك بۆ ســـەرۆك مســـعود بارزانی ئەوەیە، پێگەی بارزانی بۆ سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لە واشنتۆنەوە، وەك پێگەی پاریس لە فەرەنسا دەبینرێت، ئایا لە پاریســـەوە پێگەی بارزانی بۆ سیاسەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێـــت؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە لە پێشوازی سەرۆك سارکۆزی بۆ سەرۆك بارزانی دەخوێنرێتەوە، کە بەڕێز سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێی ڕاگەیاندین و وتی: ((بەڕێز مســـعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەکۆشکی ئەلیزێ لەلایەن ســـەرۆکی فەرەنساوە نیکۆلا ســـارکۆزی و گەورە بەرپرسانی کۆشکەوە پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، پێشـــوازییەك کە لەئاســـتی ســـەرۆك دەوڵەتدا بـــوو، لەوچاوپێکەوتنەدا کە بە



**پێگەی بارزانی بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆنەوە، وەک پێگەی پاریس لە فەرەنسا دەبینرێت**



بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەکۆشکی ئەلیزێ لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە نیکۆلا سارکۆزی و گەورە بەرپرسانی کۆشکەوە پێشوازییەکی گەورەی لێکرا

وەرچەرخان و دەستکەوتێکی گەورەو مێژوویی دادەنرا، باس لە دۆستایەتی نێوان گەلی فەرەنساو گەلی کوردستان کرا، سارکۆزی زۆر تەئکیدی لەوە کردەوە، فەرەنسا پاڵپشتی و پشتگیری دامەزرانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی دەکات و کە مافی کوردی تێیدا زامن کرابێت، لە پرۆسەو گۆڕەپانی سیاسیشدا بوونێکی کاریگەر و تەواوی هەبێت. لەو چاوپێکەوتنەدا سەرۆکی یەکێك لە هەرە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپاو جیهان ئارەزووی خۆی و ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکات، سەرۆکی هەرێمیش خۆشحاڵی خۆی و گەلی کوردستانی دەربڕی بۆ پێشوازیکردنی ئەو سەردانە. زۆر گرنگە سەرۆکی وڵاتێکی گەورەی جیهان خۆی داوەتی خۆی بکات و بێتە هەرێمی کوردستان و گرنگییەکی تایبەتی بەهەرێمی کوردستان بدات، ئاماژە بەچەندین ڕێککەوتننامەو یاداشتی لێکگەیشتن کرا)). وتەکانی سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەڕێز سەرۆك نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهان دوای ئەمریکا و سەرۆکی گەورەترین وڵاتی یەکێتی ئەوروپا ئامادەباشی پیشانداوە، وەك یەکەمین سەرۆك دەوڵەت سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمە سەیرکردنی پێگەی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستانە لە پاریسەوە و دانپێدانانی سەرۆك سارۆکۆزیە کە هەموو سیاسەتەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنەوە بۆ هەولێر، دەبێت ئەوەی بەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات، دەستپێشخەری سەرۆك سارکۆزی بۆ سەردانی هەولێر، سەلماندنی راستگۆیی قسەکانی پرۆفیسۆر پۆلاکە کە پێگەی بارزانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاریسە لە فەرەنسادا و هەموو ڕێگەکان لە فەرەنسا دەچنەوە بۆ پاریس، ئەمەش واتە هەموو ڕێگەی سیاسەتەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنەوە هەولێر، بۆیە کاتێك سارکۆزی ئەم دەستپێشخەریە گەورەیە دەکات، واتە پێش هەر وڵاتێکی دیکە ئیڤل دەست لەملی قەڵای هەولێر دەکات.

فەرەنسا پاڵپشتی و پشتگیری دامەزرانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی دەکات و کە مافی کوردی تێیدا زامن کرابێت

هەر لەم سەردانەدا و سەبارەت بە بەرنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەم سەردانەدا یاوەری سەرۆکی کوردستان بوو بەم راپۆرتەی راگەیاند: (( بێجگە لەدیداری جەنابی سەرۆك لەگەڵ سەرۆك سارکۆزی و ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، بەرنامەی دیکەمان ئەوەبوو لەگەڵ کۆمپانیایە گەورەکانی فەرەنسا کۆببینەوە، ئەوەبوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەرۆك و بەرپرسانی گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنسا کۆبووینەوەو وتووێژەکانمان دەستپێکرد لەپێناو هاندان و راکێشانی ئەو کۆمپانیایانە بۆ ناو هەرێمی کوردستان تاوەکو لەکاری بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان هاوکارمان بن و گەلی کوردستانیش لەبەگەڕخستنی ئەو وەبەرهێنانە سوودمەند بێت، ئەم چاوپێکەوتن و کۆبوونەوانە هەندێکی بەئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، ئەو کۆمپانیانەی فەرەنسا کە کۆبوونەوەو دیدارمان لەگەڵ ئەنجامدان، بەهەرە گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنسا دادەنرێن و تەنانەت ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە ئابووری جیهان هەیەو دەیانەوێت لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی جددییان هەبێت. جەنابی سەرۆك، بە کۆمپانیا فەرەنسییەکانی راگەیاند کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە ئاسانکارییان پێشکەش بکات. خاڵێکی تری وێستگەی سەردانەکەمان



**پێش هەر وڵاتێکی دیکە ئیڤل دەست لەملی قەڵای هەولێر دەکات**

بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر بوو، لە لۆڤەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایانی شوێنەوارناسی چاوپێکەوتن و دیداری ئەنجامدا، شوێنەوارەکانی لۆڤەر بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەشوێنەواری عێراقەوە هەبوو ئەو راستییەی دەردەخست کە عێراق خاوەنی مێژوویەکی گەورەو دەوڵەمەندە، ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی شوێنەوارناسی لە لۆڤەر زانیارییەکی زۆر باشیان لەسەر مێژووی کوردستان و ناوچەکە هەبوو، جەنابی سەرۆك بارزانیش زانیاری زۆرباشی دایە پسپۆڕ و شارەزاکانی شوێنەوارناسی لۆڤەر، بێگومان ئاشکرایە فەرەنسییەکان داهاتی یەکەمیان لەسەر گەشتوگوزارەو گەشتوگوزاری شوێنەواریش گرنگترین داهاتی لێ دەست دەکەوێت، بۆ ئێمەش لە هەرێمی کوردستان کاتی ئەوەهاتووە کاری پشکنین بۆ شوێنەوارەکانمان بکەین و بیپارێزین و مێژووی پڕ شانازی خۆمان نیشانی میللەتانی دنیا بدەین)) .

## یاداشتنامەی لیکتێگەیشتنی هاوبەش به زمانی فەرەنسی و کوردی

((فەرەنسا دەیەوێت هاوکاری گەلی کوردستان بکات و لە داهاتوویەکی نزیکدا بوونێکی بەهێزی لە هەرێمی کوردستان هەبێ)). ئەم چەند وشەیە قسەکانی بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کە پێش ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی فەرەنسا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری راگەیەنراوە، سەبارەت بەو تەوەر و باسانەی لە پێش ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان فەرەنسا و کوردستان، سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بە گوڵانی راگەیاند: ((دوای دیداری سەرۆکی کوردستان لەگەڵ سەرۆك سارکۆزی، سەرۆکی کوردستان لەلایەن بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پێشوازی لێکراو، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا میوانداریی سەرۆکی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ نیوەڕۆ خوانێك کرد، لەسەر مێزی نانخواردن باس لەو پێوەندییە مێژووییە بەهێز و دێرینانە کرا کە بەڕێز بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەگەڵ گەلی کوردستان هەیبووە، بۆ داهاتووش بەڕێزی پێی راگەیاندین ((فەرەنسا دەیەوێت یارمەتی و هاوکاری گەلی کوردستان بکات و لە داهاتوویەکی نزیکدا بوونێکی بەهێزی لەم هەرێمەدا دەبێت، ئەمەش چ بەشێوەیەکی ئابوورییانەو بازرگانی بێت یاخود لە رێگەی زیادکردنی وەبەرهێنان و هاندانی بیزنسکارانەوە بێت، فەرەنسییەکان لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوان دەکەن و دەیانەوێت لەرووی سیاسیشەوە بوونێکی بەهێزیان لەهەرێمی کوردستان هەبێت، تاراددەیەکی باش ئەم ویستەیان لە رووی پراکتیکییەوە لە رێگەی کونسوڵخانەکەیانەوە لەهەولێر جێبەجێکراوە. هەروەها تەوەرێکی دیکەی قسەکانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان تایبەت بوو بە بارودۆخی کریستیانەکان لە عێراق، کە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و کوردستانیش بۆتە پێگەیەکی ئارام بۆ ئەو برا کریستیانانەی لە پارێزگای موسڵ و بەغداو ناوچەکانی تری عێراقەوە رووبەڕووی تیرۆرو توندوتیژی بوونەتەوە، لەمبارەوە جەنابی سەرۆك ئاماژەی بەوەکرد تا ئێستا نزیکەی ٨ هەزار خێزانی مەسیحی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکردون و پاراستوونی، دوای ئەوەی جەنابی سەرۆك ئەم واقیعەی بۆ خستنە روو، لایەنی فەرەنسی سوپاسی ئەم هەڵوێستەی

**جەنابی سەرۆک، بە کۆمپانیا فەرەنسییەکانی راگەیاند کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە ئاسانکارییان پێشکەش بکات**

سەرۆك بارزانیان كرد، هەر لەمیانەی ئەم وتووێژانەدا سەرۆكی كوردستان و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا باسیان لەو پرۆژانە كرد كە لەداهاتوودا دەكرێت لە هەرێمی كوردستان جێبەجێ بكرێن. هەروەها باس لە بایەخدان وگرنگیدان بە شوێنەوارەكان و چۆنیەتی ئەنجامدانی كاری پشكنین و پێشخستنی كەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوار بابەتێكی گرنگی تری گفتوگۆكانی سەرۆكی هەرێم و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو، بێگومان پێش ئیمزاكردنی ئەم یاداشتنامەیە و پێشتر چەند گرێبەستێكمان لەگەڵ زانكۆی

**فەرەنسا دەیەوێت یارمەتی و هاوكاری گەلی كوردستان بكات و لە داهاتوویەكی نزیكدا بوونێكی بەهێزی لەم هەرێمەدا دەبێت**

گۆڤاری گوڵان ئەوە بە هاووڵاتیانی كوردستان بڵێم كە ئەم یاداشتنامەیەی لە نێوان حكومەتی فەرەنسا و حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیمزاكرا، بە هەردوو زمانی فەرەنسی و كوردی نووسرابۆوەوە، هێندەی من ئاگاداربم ئەمە یەكەمین جارە یاداشتنامەی لێكتێگەیشتن بەزمانی كوردی لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتێكی دیكە ئیمزا بكرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێكی گەورەیە لە ئاستی دیپلۆماتیەتی هەرێمی كوردستان، یەكێك لەگرنگترین خاڵ و بڕگەكانی

بێرنارد كۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا مۆركرا، دوای ئەوە هەردوو بەڕێز بارزانی و كۆشنەر، كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیشیان بۆ رێكخرا، كە لە شێوەی پرسیارەكان و وەڵامەكانی كۆنگرە رۆژنامەوانییەكەی نێوان سەرۆكی كوردستان و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئەو راستییە دەردەكەوێت كە سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی دیپلۆماتی گەورەترین پێشوازی لێكراوەو ئومێدی فەرەنساش بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان زۆر گەورە و فراوانە. كەواتە لێرەدا دەتوانم راشكاوانە ئاماژە بەو راستییە بكەم، كە



**فەرەنسییەكان لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە پەیوەندییەكانیان لەگەڵ هەرێمی كوردستان فراوان دەكەن و دەیانەوێت لەرووی سیاسیشەوە بوونێكی بەهێزیان لەهەرێمی كوردستان هەبێت**

لۆمۆندی ٢ی فەرەنسا بۆ كنە و پشكنینی شوێنەوارەكانی كوردستان ئیمزاكردووە و ئێستا تیمی زانكۆی لۆمۆندی فەرەنسی لە كوردستان سەرقاڵی ئەنجامدانی كنە و پشكنینن لە شوێنەواری كلك مشك لە نزیك شاری هەولێر). سەبارەت بە گرنگی ئیمزاكردنی یاداشتنامەی لێكتێگەیشتن لە نێوان بەڕێزان سەرۆك بارزانی و بێرنارد كۆشنەر، ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی و ئامادەبوو لە رێورەسمی ئیمزاكردنی ئەو یاداشتنامەیە بە گوڵانی راگەیاند ((پێش هەموو شت دەخوازم لە رێگەی

یاداشتنامەكە تایبەت بوو بەوەی ئێمە بەپێی پلان بچین بۆ پێشەوە و ماستەرپلان دابڕێژین، ئەمەش سەرەتای رێگەیەكی راست و دروستە و دەرئەنجامێكی باشی لێدەكەوێتەوە، ئەوجا بابێینەوە سەر رێورەسمی ئیمزاكردنی رێككەوتنەكە، پاش تەواوبوونی ئەو داوەتەی كە لەسەر شەرەفی سەردانی جەنابی سەرۆك بۆ فەرەنسا رێكخرابوو، یاداشتنامەی لێكگەیشتن لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فەرەنسا لەلایەن هەریەك لە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و بەڕێز

مۆركردنی یاداشتنامەی لێكگەیشتن وەرچەرخانێكی گرنگە لەرووی پێشڤەچوونی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و فەرەنسا، كە چەندین بواری گرنگ لەخۆدەگرێت لەرووی پەروەردەیی و تەندروستی و ئاوەدانكردنەوەو شوێنەوار و گەشتوگوزارییەوە، فەرەنسا دەیەوێت بەهەموو هێز و توانای تەكنۆلۆژیای خۆیەوە رووبكاتە هەرێمی كوردستان و رۆڵی هەبێت لە گەشەپێدان و پێشڤەچوون و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان)). لە بەشێكی دیكەی لێدوانەكەیدا و سەبارەت بە چۆنیەتی داڕشتنی ئەم یاداشتنامەیە

له نێوان هەرێمی کوردســـتان و فەرەنسا بەڕێز ســـەمیر عەبدوڵڵا یاوەری سەرۆك بارزانی وتی: (( بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا رۆڵیان هەبوو لەداڕشـــتنی ئەو یاداشـــتنامەیە بەو شێوەیەی ئێســـتا لەنێوان هەردوولادا ئیمزاکرا، بەشـــێوەیە کـــە هەموو بەش و بوارێکی گرنگ لە هەرێمی کوردســـتان بگرێتـــەوە، ئەمـــەش دوای ئـــەوەی توێژینـــەوەی ورد و زانســـتی بۆ کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کونســـوڵخانەی فەرەنســـا لە هەولێر،

## داهاتوویەکی پرشنگدار چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات

ئـــەم ناونیشـــانە تایتڵـــی یەکێـــك لە راپۆرتەکانـــی کەناڵـــی ٤ی بەریتانیا کە دوای ســـەردانی ســـەرۆك بارزانی بـــۆ تورکیـــا و فەرەنســـاو هەروەهـــا گرێدانی کۆنفرانســـی گەشـــەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردســـتان لە لەندەن، بڵاویکردۆتەوە، رۆژنامەنووس جۆناسان رۆگمان کە ئامـــادەکاری راپۆرتەکەیە بەمجۆرە وەســـفی ئێســـتای هەرێمی کوردســـتانی کردووە و نووســـیوویەتی: (کوردەکانی عێراق هەمیشـــە حەزدەکەن لەسەر پێکهێنانی ســـامانێکی تایبەت بەخۆیان وەکو گرەنتییەکی باشتر بۆ ئەو ئازادییە نوێیەی کە وەدەســـتیان هێناوە. کوردستان دەوڵەمەند دەبێت، هەر زۆریش دەوڵەمەنـــد دەبێـــت و دەنگۆیەك هەیە کە کوردســـتان دەبێت بە «دوبەی»ی دووەم لـــە ناوچەکە، بەڵام بە «ئاو»ەوە، لەبەرئـــەوەی جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە کوردســـتان ئاوەدانتر دەبێت. ئەو شـــتە مایەی سەرسووڕمان نییە، لەبەرئەوەی هەرێمـــی کوردســـتان نـــەك تەنیا ئاو، بەڵکـــو نەوتیشـــی هەیە، هـــەر بۆیە دەبینین ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردســـتان-

گرنگیدان بە شوێنەوارەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری پشکنین و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوار بابەتێکی گرنگی تری گفتوگۆکانی سەرۆکی هەرێم و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو


Channel 4 News

News Home
Blogs Home
Snowblog
World News Blog
Economics Blog
Politics Blog
Iraq Inquiry Blog
FactCheck
Technology Blog
About the bloggers
Commenting Rules
C4 News on Twitter

Archives
June 2010
May 2010
April 2010
March 2010
February 2010

World News Blog

Article

Kurdistan's riches point to a bright future

Author: Jonathan Rugman | Posted: 11:04 am on 17/06/10
Category: World News Blog | Tags: Erbil / Iraq / Kurdistan

Iraq's Kurds are fond of a saying that they have "no friends but the mountains". But this is no longer true. Stand up new friends Coca Cola, Price Waterhouse Coopers and Mercedes Benz; and listen as those once lonely Kurdish mountains now echo to the sound of foreign money.

This at least is what Falah Mustafa Bekir, a Minister in the Kurdish regional government, is telling a conference of potential investors in the City of London this week.

"Kurdistan is open for business", he says, defending the controversial US and British invasion of Iraq as a "watershed moment" for the long-repressed Kurds, who naturally enough

Search the Snowblog
GO

Get new blog posts sent by email
Email alerts to Snowblog
Email alerts to World News blog
Email alerts to Faisal Islam's blog
Email alerts to Gary Gibbon's blog
Email alerts to Iraq Inquiry blog
The links above send you to Google's Feedburner service.



وەك وەزیری شـــارەوانی و گەشتوگوزار ئاگاداری چەنـــد بوارێکی گرنگی ناو یاداشـــتنامەکەم، ئەو بڕگانەی پێوەندی بە پڕۆژەو کاری وەزارەتی شـــارەوانی و گەشتوگوزارەوە هەیە، بۆیە ئێمەش وەکو وەزارەتی شـــارەوانی و گەشتوگوزار بۆ دەوڵەمەندکردنی یاداشـــتنامەکە زانیاری تەواومـــان پێشکەشـــیان کـــردن، دوای ئەوەی دیراسەت و وردەکاری باش لەسەر بڕگـــەو تـــەوەرەکان کراوە، بەشـــێوەیەکە ئاســـتی پێوەندییەکانی نێـــوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا لە ئێستاو داهاتوودا دیاریدەکات)).

ئەوە دووبارە بکەنەوە «جگە لە چیاکان هیـــچ هاوڕێیەکی دیکەمـــان نییە». بەڵام ئەو قســـەیە چیتر دروســـت نییە. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کـــوردەکان هاوڕێ و دۆســـتی زۆریـــان هەیـــە، هەرێمی کوردســـتان کراوەیە بۆ بزنس، پرۆسەی ئازادکردنی عێـــراق لەلایەنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا و بەریتانیاوە ســـاتێکی مێژوویی بوو بۆ کۆتاییهێنان بە مەینەتییەکانی کورد، کە دەیان ساڵ بـــوو چەوســـێندرابوونەوە. بۆیە ئەمڕۆ کورد بە باشتری دەزانن جەخت بکەنەوە دا ١٧ کونســـوڵخانەی دیپلۆماتـــی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە. هەروەها لەگەڵ بوونی ٣٨ کۆمپانیای نەوت کە بەپەرۆشـــەوە چاوەڕوانن یاسای نەوت و گاز ئیمزا بکرێت و لەزووترین کاتدا دەست بە کاری گـــەڕان و دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بکەن. سەبارەت بەو رێژەیەی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئێســـتا رۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل بەرهـــەم دەهێنرێت، پێشـــبینی دەکرێت دوای ماوەیەکی دیکە رێژەکە ببێتە دوو ئەوەندە و لەماوەی ٥ ســـاڵدا رۆژانەی

ئەمە یەکەمین جارە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بەزمانی کوردی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتێکی دیکە ئیمزا بکرێت



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی دیپلۆماتی گەورەترین پێشوازی لێکراوەو ئومێدی فەرەنساش بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر گەورە و فراوانە

جۆناسان رۆگمان نووسیوویەتی: ئەمرۆ کوردەکان هاورێ و دۆستی زۆریان هەیە

بگاتە ١ ملیۆن بەرمیل نەوت. بێگومان کۆمپانیاکانی تورکیا پێشوەختە خۆیان ئامادەکردووە بۆ کارەکانی وەبەرهێنان، ئەمە جگە لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و لوبنان. لە سەرەتای ئەم مانگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە «ئەنکەرە»ی پایتەختی تورکیا بوو. هەر بۆیە، بەهیچ شێوەیەك مایەی سەرسوڕمانی نییە کە کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر کراوەتەوە)) . ئەو دێڕەی جۆناسان رۆگمان سەبارەت بە کردنەوی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر ئاماژەی پێکردووە، بەوەی جێگە سەرسوڕمان نییە، واتە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە تورکیا سیاسەتی خۆی سەبارەت بەهەرێمی کوردستان گۆڕیوە، لەمەش زیاتر چاوەڕێی زیاتر دەکرێت، هەروەها لە راپۆرتەکەی رۆژنامەی شەرقولئەوسەتیش کە ئاماژە بە پێشوازیە بەرزەکەی سارکۆزی لە سەرۆك بارزانی دەکات، ئاماژشی بەوەکردووە کە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا، پرۆژەکانی وزەش دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەش پێکەوە راست و دروستی ئەو سیاسەتە دەسەلمێنن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی رابردوو پیادەی کردووەو هەوڵیداوە لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی دەستووری عێراق بەهەرێمی کوردستانی داوە سیاسەتی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە بواری ئابوری بازرگانی رێکبخاتەوە، وەك پرۆفیسۆر هنری بارکیش لە دوایین راپۆرتی خۆیدا کە لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی، ئاماژەی پێکردووە ئێستا تەنانەت تورکیاش لەو سیاسەتە راست و دروستەی هەرێمی کوردستان تێگەیشتووە، کە هەرێمی کوردستان مافی دەستووری خۆیەتی کێڵگە نەوتییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبەرێت، بەتایبەتی ئەو کێڵگە نەوتییانەی دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق دۆزراونەتەوەو نەوتی لێدەردەهێنرێت، دەربارەی رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم بۆ زەمینەسازی بۆ ئەم کرانەوەیە سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا بەمجۆرەی رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستەڕوو: ((سیاسەتی کابینەی پێنجەم بوو پێوەندییەکانی هەرێمی لەگەڵ فەرەنسا و وڵاتانی پێشکەوتووی دیکەی جیهان گەیاندە ئەو ئاستە بەرزەی ئێستا دەیبینین، بەرنامەو پلانەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی نەخشەی رێگەی بوو بۆ پتەوکردن و دارشتنەوەی پێوەندییە دەرەکییەکان و ئێستا پەیرەو دەکرێت، بۆیە کاتێك کۆشنەر باسی رۆڵی بەرێز نێچیرڤان بارزانی دەکات لەدارشتنی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا، ئەمە مانای ئەوەیە کۆشنەر رۆڵی سەرۆکی حکومەتی پێشووی هەرێمی کوردستان و کابینەکەی لەیاد نەچووەو بەبەردەوام بەرزی هەڵدەسەنگێنێت... هەروەها گەیشتنی ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا بەم ئاستەی ئێستا، ئەمە جێگەی سەرنج و تێڕوانینە، لەبەر ئەوەی فەرەنسا پێشتر هەڵوێستی تایبەتی هەبووە لەسەر شەڕی عێراق، ئێستا جیاوازییەك لە هەڵوێست و سیاسەتی فەرەنسا تێبینی دەکرێت و سیاسەتی فەرەنسا بەتەواوی گۆڕدراوەو حکومەتی ئێستا وەکو پێشتر نییە، ئێستا فەرەنسییەکان بەتەواوی هێز و توانایانەوە دەیانەوێت روو لەهەرێمی کوردستان بکەن، چونکە دەزانن داهاتوویەکی گەش و باش چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات. هەرێمێکی سەقامگیر و ئارام، دەکرێت کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا وەبەرهێنانی تێدا بکەن... بەڕاستیش رۆڵی فەرەنسا لە جیهانی ئەمڕۆدا گرنگە، یەکێك لە گەورەترین و گرنگترین وڵاتەکانی ئەوروپاو جیهان فەرەنسایە، خاوەنی هێز و تواناو تەکنۆلۆژیاو کولتوور و رۆشنبیرییەکی فراوانە، لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی پێگە و هێزی تایبەتی خۆیەتی و رۆڵی کاریگەری هەیە، دەتوانێت پاڵپشتی و پشتگیری باشی هەرێمەکەمان بێت لەسەرجەم بوارەکان دا)).

**تەنانەت تورکیاش لەو سیاسەتە راست و دروستەی هەرێمی کوردستان تێگەیشتووە، کە هەرێمی کوردستان مافی دەستووری خۆیەتی کێڵگە نەوتییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبەرێت**

**بەرنامەو پلانەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی نەخشەی رێگەی بوو بۆ پتەوکردن و دارشتنەوەی پێوەندییە دەرەکییەکان و ئێستا پەیرەو دەکرێت**

